# سنووری کوردستان وئازەربایجان کوێیە؟

کارزارمشترک ، ناوی ڕێکەوتن نامەیەکە کە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران وبزاوی فیدراڵی دمۆکراتیکی ئازەربایجانی ئێران لە سەری وەک ئالیانسێک بۆ بەرەو پێش بردن ودامەزراندنی دەوڵەتێکی فیدراڵ لە ئێران ساغبوونەوە کە ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 27ئاوریل لە لەندەن کۆبوونەوەیەکیان پێکهێناوە وحیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێرانیش وەک ئەندامی تازەی ئەو ئالیانسە لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بووە و لە سەر هێندێ خاڵی تازەش وەک پەیڕەو وپڕۆگرام بۆ بەرەو پێشچوونی باشتری ئالیانسەکە بۆ دامەزراندنی سیستیمێکی فیدڕاڵی لە ڕێکەوتنامەکە زیاد کراوە وتەنانەت ئەندامی تازەش وەرگیراون ، کە من ئەویەکگرتوویی وئالیانسە بە پێکهاتەیەکی پێرۆز، بە جێی وڕێ دەزانم، وەک هەموو دەزانین دوو گەلی کورد وئازەری ڕابردوویەکی دوورو درێژیان لە جیرانەتی وتەنانەت بە یەکەوە ژیان و خزمایەتی هەیە ، بەڵام دەستی چەپەڵی شووینییسم بە درێژایی ئەو مێژووە دوورە ودرێژە ،ئەوڕۆشی دەگەڵ بێ هەر خەریکی ئاژاوە نانەوە وگێچەڵ گێڕان بووە دە نێوان ئەودوو گەلەدا ، شەڕی چاڵدڕوان کەبوو بە هۆیدابڕانی ڕۆژهەڵات وباکووری کوردستان لە یەکتری، سەفەوێکان کە دەستیان بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا داگرت، دەستیان کرد بە ڕاگواستنی کورد بۆ قووچان ودەرەگەز وشیروانی خوراسان ونێشتە جێکردنی ئازەریەکان لەکوردستان،لە سەرسنووری دەستکردی عوسمانییەکان وسەفەوییەکان کەلە ماکۆوە تا شاری نەغەدەی ئەوڕۆ دەگرێتەوە، تەنانەت لە سەردەمی ڕەزاخانی پەهلەویش دا،واتە نیزیک بە سێ قەڕن پاش سەفەوییەکان ئەوکارەساتە هەر بەردەوام بوو کە دیمۆگرافی شاری ورمییە و سەڵماس وماکۆ و نەغەدە وپیرانشار میراتی ئەو کارەساتانەن، بە دوای ڕووخانی حکومەتی پەهەلەوی دەساڵی 1979زاییینیدا هەوەڵین ئاسەواری چەپەڵ ونەگبەتی ئەو ئاڵ وگۆڕە خۆی دە شەڕیماڵوێرانکەری نەغەدە دە بەهاری 1980دا نواند ، شەڕێک دەنێوان دوو گەلدا کە هەر تکیان وەک یەک بەشخوراو ماف پێشێلکراو و وەک شارۆمەندی دووهەمی ولاتێک حیساب بۆکراو، تەنانەت بە گەپجاڕ گیراوی شووینیسم ،تا ئەو جێیەی ئەو ئالیانسەی ئەوڕۆ کە دوایین کۆبۆنەوەیان لە لەندەن دە ڕیکەوتی 2005/4/27 دابووە و پەیوەندی بە کوردەوە بووبێ ،باسی خاڵی سەرەکی کە بریتی یە لە سنووری نێوان کوردستان وئازەربایجان، نەکراوە کە کێشەیەکی یەکجار گرینگی دوا ڕۆژی دوو گەلی جیرانی کۆن یەکتر واتە کورد وئازەری یە ودەتوانێ ببتە دەستەواژەیەک بۆ هەلپەرستان بۆهەڵگیرساندنی شەڕی براکوژی ئەو دوو گەلە ، ئێمە نابێ گۆڕینی دیمۆگرافی کەرکووک لە بیر بکەین کە زۆر بە تێڕادیوی ،ئەو کارەساتەیان بە سەرکورد هێنا کە تەنانەت ئەوڕۆ بە بوونی مادەی 58 یاسای کاتی عێڕاقیش کە هەر هەموو حیزب وڕێکخراوە عێڕاقییەکان دانیان پێدا هێناوە ،پاش دووساڵ بە سەر ڕووخانی بەعسێیەکان دا هێشتاش نە دەوڵەتی کۆن ونەتازەی عێڕاق خۆ لە جێبە جێ کردنی ئەو مادەیە نادەن و لەوانەشە هەر حاشای لێبکەن کە من هیچ بەدووری نازانم.ولە لایەکی دی گۆڕینی دیمۆگرافی قەرەباغی عولیا لە ئازەربایجان کە شەڕی خوێناوی نێوان ئەرمەنی یەکان و ئازەریەکانی لە پاش ڕووخانی سۆویەتی پێشووی لیکەوتەوە کە تا ئەوڕۆش هەر بە بێ چارەسەرکردن ماوەتەوە و لەوانەشە شەڕی دیشی لێبکەوێتەوە. .

جاپرسیاری من ئەوەیە ئایا ئەو دوو حیزبەی کوردستانی رۆژهەڵات قەت بووە باسی ئەو دیمۆگرافی گۆرینەکە لە سەر سنوورەکانی کوردستان وئازەربایجان کراوە،کردبێ ؟ یان داخوا لەو ئاڵۆگۆرەی کەدەو ئەساسنامەی دوایی ئەو ئالیانسەدا دراوە باسێک لەو بابەتە کراوە ؟ کە مادەی 58یکی دی بۆ ئاسایی کردنەوەی بار ودۆخی ناوچە بە ئازەری کراوەکانی کوردستان تەرخان کرابێ؟ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە گۆرینی دیمۆگرافی ،گۆرینی جوغرافیشی لە دوو دێ .
ئەوندی من بزانم و دە نووسراوە وسایتەکانی ئازەریەکاندا هاتووە نەک هەر ئەو ناوچە بە ئازەری کراوەکانی کوردستان بە ئازەربایجان دادەنێن ،بگرە بیجار وقوروە و سونقور یش بە ئازەربایجان دادەنێن تەنانەت هەر کوێرە گۆندێک لە دڵی کوردستان کە ناوی تورکی هەبێ هەر ئازەربایجانە ، بە واتەیەکی دی ئیمپراتۆری عوسمانی کە سەدان ساڵ داگیرکەری سەرتاسەری کوردستان بوو و هەموو ناوی شار وشارۆچکە وگوندەکانی کوردستانی کردنە تورکی، بە حیسابی ئەو سایتە ئازەریانە شوێنی دامەزراندنی هەوڵین کۆماری کوردستان واتە ساوجبلاغ( مهاباد) یش دەبێ خاکی ئازەربایجان بێ هەر لە بەر وەیکە ناوەکەی تورکییە . مەبەستم لەو وەبیر هێنانەوە ئەوە بوو کە دە داهاتوودا وا نەبێ کە  شەری نەغدە لە ورمێ و سەڵماس و ماکۆش  هەڵگیرسێ و هیچ ریگەیەک بۆ پیکەوە ژیانی ئەو دوو گەلە زوڵملێکراوە دە جێرانەتی یەکتریدانەمێنێتەوە ،چون دە هەرتک لا دا ( گورگە بورەکان) هەن با دە نێو یەکیاندا ئاشکرا بێ ،بەلام دە نێوئەوی تریاندا خۆی حەشاردابێ، بە بوونی پان ئێرانیستەکانیش دە گۆرەپانی کوردستانی دوارۆژدا، بە هۆی هەڵەی گەورە ومێژوویی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران دەبێ هەست بە مەترسی گێچەڵێکی دی لە گوێن شەری نەغدە بکەین چون بۆ ئەوتاقمە مەزنایەتی فارس لەسەروی هەموانە وفەخری پێوەدەکەن و پاراستنی ئەوبیرە شووینیستی یانە کە  مەزنایەتی فارس بێ، جگە لە شەر ودووبەرەکی ساز کردن دەنێوان کورد وئازەریدا،ئامرازێکی دیکەیان نییە کە دەفریایان بێ وبیانپارێزێ وهێشتنەوەی ئەو مەزنایەتی یە درۆیینە وقەڵبە بە مانای توانەوە وئاسمیلە کردنی نەتەوەکانی غەیرە فارسە  .جا ئەرکی بەشدارانی ئالیانسی ( کاررزار مشترک) ە کە خۆیان لەمەر ئەو بابەتە بە بەرپرس بزانن کە رووخانی حکومەتی جەهل وجەنایەتی کۆماری ئیسلامی رێ بۆ ئاژاوە چی وشەرخواز خۆش نەکا کە ئەو سنوورە شێواوانەی نێوان کوردستان وئازەربایجان بکەن بە دەستەواژە بۆ براکوژی وگۆمی خوێنێ وەرێ خستن لە ناوچەکەدا کە هەر چارە رەشی زیاتری دوو گەلی کورد وئازەری بە دواوە دەبێ وبەس .
سەرێکیش لەو سایتە بدەن چوارقاشی سوور بە سەر جوغرافیای کوردستاندا باسی پیلانی دوا رۆژ دەکا کە ئەو دوو گەلە کۆنە جیرانە بە گژ یەکدا بکەن و بیانووی داگیر کردنی سەر لە نوێی ناوچەکە یان دە دەست دابمێنێتەوە  بەلام بە وریایی و ژیری دەکرێ بەربەدەمار گرژی ونێوان ناخۆشی بگرین وەک کوردو ئەو برایەتی وپێکەوە ژیانەی کورد وئازەری بپارێزین ،
http://www,durna.info/kurdurkTY.htm

بە هیوای کوردستانێکی فیدراڵ و خەڵکێکی رزگار بە هەموو توێژ و زمان ودین مەزهەبێکەوە کە دە کوردستاندا دەژین.

خەمین 2005/4/29

گورگە بۆرەکان، رێکخراوێکی توندو تیژی ئازەری یەو تەشکیلاتی زۆر بە هێزیشیان هەیە.